# بێبەهرەیی‌و هستریای چەپێکی سوننەتی

## وەڵام بە حمید تقوایی

**ریبوار ئەحمەد**

زیاتر لە هەفتەیەکە حمیدی تەقوائی لە بارەی لیدوانەکەی من بۆ رای گشتی سەبارەت بەکۆتایی هینانی یەکلایەنەی بارگرژی نیوان ئیمەو یەکیتی نیشتمانی، بابەتیکی بلاوکردۆتەوە. راستی لە سەرەتادا من بە هۆی سەرقاڵی‌و گیروگرفتی فەنی‌یەوە لە داخلی عیراق ئاگاداری ئەم نوسراوە نەبووم، دوای چەند رۆژ کە لە ریگای تلفونەوە هەواڵی بلاوبوونەوەی ئەو نوسراوەم بیست ئەوەندە جیگای بایەخم نەبوو، بەلام کاتیک دوینی شەو (7/6-دیسمبەر) نوسراوەکەم بینی، وەکو نمونەیەکی زۆر جالب لە قسەی هەلەق‌و بەلەق‌و نا مسئولانەی چەپیکی پێ‌لەهەوا پێم وایوو ئەم وەلامە هەڵدەگریت.

ئەوەی حوکم بەسەر ئەم نوسراوەدا دەکات، تەنها بێبەهرەیی‌و هستریای ناکامی خەت‌و پرۆژەی نوسەرەکەیەتی. بۆچوون‌و حوکمەکانی نیو ئەم نوسراوەیەی بە رۆشنترین شیوە نیشانی دەدەن کە ئەو هیچ بەهرەیەکی سیاسی پێ نیەو چارەکە سەدەیەک لە نیو حیزبی منصور حکمتدا بووە بەبێ ئەوەی لە منصور حکمت‌و حکمتیزم حالی بیت، هەروەها نیشانی دەدات کە بە هۆی ناکامی خەت‌و پرۆژەکەیەوە بەتایبەتی لە عیراقدا، دوچاری هستریایەک بووە کە ئۆپۆرتۆنیستانە بە دوای ئەوەوەیە بە هەر نرخیک بووە دژایەتی حککع بکات‌و هیرشی بکاتە سەر. بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە دوپاتکردنەوەی حوکمە بێ‌پایەو پیکەنین هینەرەکەی سەبارەت بەوەی کە حککع بەرەو راست وەرچەرخاوە هیچ بەهرەیەکی تر نانوینێ. بۆیە نوسراوەو پروپاگەندەکانی ئەمجارەشی دژی حیزبی منصور حکمت لە عیراق، هیچ پەیوەندی‌یەکی نە بە حکمتیزم، نە بە مەنتق‌و نە بە ناوەرۆک‌و مەبەستی راگەیاندراوی لیدوانەکەی ئیمەوە نیە، بەلکو عەوارزی پەتایەکە کە پێ‌ی گرفتاربووە. پەتای ئەوەی کە لە دوای تیک‌وپیکدانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران لەلایەن حمیدی تەقوائی‌و پەیرەوانی بوچوونە هەپەرووتی‌یەکانی، کاری سەرەکیان بووە بەوەی کە خۆیان لەسەنگەر بنین بۆ ئەوەی لە هەموو بەیان‌و نوسراو پرۆژەیەکی ئیمەدا "راسترەوی" دەرکیشن، تا بەم جۆرە حوکمە لەپیشینەو بێ پایەکانی خۆیان لەسەر حیزبی ئیمەو هەولە تیکدەرانەکانیان لە دژی کۆمۆنیزمی کریکاری لە عیراق پاساو بدەن. وا دیارە هەر ئەمەش بووە بە خۆراکی سیاسی گروپەکەیان‌و فاکتەری راگرتنی تەشکیلاتەکەیان. بەلام ئەمە تا کوێ بڕ دەکات؟!

سەرجەم حوکمەکانی نیو ئەم نوسراوەیە لە بارەی ئیمەوە، خاڵی‌یە لە هەر جۆرە مەنتق‌و لیکدانەوەیەکی مارکسیستی‌و حکمەتی، حوکمەکانیان ئیختیاری‌و لە پیشینەیەو دوای دەرکردنی ئینجا بەهەر نرخیک بیت دەکەونە گەران بۆ داتاشینی بەلگەکانی. لەسەرەتای توندبوونەوەی خیلافاتەکانی ناو حککادا بوو، کاتیک دەستیان بە تیک‌وپیکدانی ئەو حیزبەکرد، هەموو عەقلیکی سەلیم دەیزانی کە بەم شیوەیەو بەم شەق‌وپەق کردنە حیزب لاوازو دووچاری پاشەکشەی گەورەو تەنانەت شکست دەبیت، دۆست‌و دوژمن ئەمەی دەزانی، بەلام حمیدی تەقوائی ووتی "من تەزمینی دەکەم کە حیزب بەهیزترو مەحکەمترو سەرکەوتوانەتر لەم دەورانە دیتەدەرەوە"! ئەمە بۆ هەمووان جیگای سەرسورمان بوو، ئاخۆ تەقوائی چ سحریکی لە بن سەردایەو چۆن تەزمینی ئەوە دەکات کە حیزب بە دوو شەقەکردنیکی نا مەسئولانە مەحکەمترو بەهیزترو سەرکەوتوتر دەبیت؟ بەلام دوای قەومانی کارەساتەکە، دەرکەوت کە ئەم کابرایە وەکو چەپێکی بێ‌رەبت بە کۆمەڵگاو سەرلیشیواو بە هەموو شکستیکی دەڵی سەرکەوتن‌و بە هەموو لیکترازانیکی دەڵیت مەحکەمتربوون‌و بە هەموو پاشەکشەیەکی دەڵیت پیشرەوی!! بەم بەهرە "عەزیمەوە" کە کەم کەس هەیەتی، بەلینەکەی خۆی بۆ تەزمینی "مەحکەمتر بوون‌و بەهیزتربوون‌و سەرکەوتوتربون"ی حیزب دەباتە سەر. ئەگینا چ چاودیریکی واقیعبین هەیە کە جیگاوریگای ئیستاو دوای دووشەقە بوونی حککا بە بەراورد لەگەڵ 2 سال لەمەبەر بە مەحکەمترو بەهیزترو سەرکەوتوتر بزانیت؟! پرۆژەیەکی گەورە کە منصور حکمت بە چارەکە سەدەیەک بینای کردبوو، ئەوان بە چەند مانگ تیکیاندا، حیزبیکی بەهیزو کاریگەرو جیگای ئومیدیان دوچاری شکست کردو لە مەیدانی کیشمەکیشی سیاسەت کردیانە دەرەوە، زەربەیەکیان لە گشت بەرەی چەپی کۆمەڵگاو پرۆژەی منصور حکمت داو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریان لە مەرکەزی سیاسەتەوە فریدایە پەراویزەوە، کەچی بە هەموو ئەمانەیان ووت "سەرکەوتین، مەحکەمتربوین، بەهیزتربوین"!!

ئەم نمونەیەم تەنها بۆ نیشاندانی ئەو سیستەم‌و دیدگا مەریخیەی حمیدی تەقوائی هینایەوە کە لیدوانەکەی ئیمەشی پی هەلدەسەنگینێ. لیکدانەوەکانی ئەو لە بارەی راسترەویی‌و "دووی خورددادی" ئیمەشەوە هەمان دیدگا حوکمی بەسەردا دەکات. هەلبەت ئەوان هیچ بەلگەو لیکدانەوەیەکی کۆمۆنیستیان بۆ ئەم پروپاگەندانە پیویست نی‌یە. لە راستیدا ئەمە سیاسەت‌و لیکدانەوە نی‌یە، بەلکو دەرپەراندنی رق‌و کینەو هستریایە. ئەگەرنا ئیمە لە 10 سالی پیش 2000دا سەدو یەک بەیانی جۆراوجۆرمان لە کوردستان دەرکردووە کە هەرکامی لەسەر بناغەی ئوصولی کۆمۆنیستی، لە رۆژگاریکدا جۆریک پەیوەندی‌و هەلویستی نیوان ئیمەو حیزبەکانی ناسیونالیزمی رەسم کردووە، لەگەل ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو ئیدارات‌و حکومەتەکانیان دەیان جار پەیوەندی‌و دیدارمان بووەو لەسەر چەندین مەسەلە بە تەوافق گەیشتوین، زۆریک لەم دیدارانە دوای ئەوەبوو کە ئەوان چەکیان لە ئیمە راکیشاو گەمارۆیان داین‌و بلاوکراوەیان قەدەغە کردین‌و تەنانەت هاوریانی وەکو بەکر عەلی‌و نەزیر عمریان تیرۆر کرد، ئەوکات منصور حکمت بەسەر هەموو ئەم کارانەی ئیمەشدا چاودیری هەبوو، هیچ کەس هیچ رۆژیک لەمانەوە نە راسترەوی‌و نە ئالای سپی هەلکردن‌و نە دووی خوردادی دەرنەکیشا. هەلبەت باوەرناکەم ئەوکات تەقوائی ئاگایەکی لە هیچ یەک لەمانە بووبێ. بەلام سەیر لەوەدایە حمیدی تەقوائی نە لە ماوی 10سالی یەکەم‌و نە بە دریژایی ئەو شەرو کیشمەکیشەو نە کاتی پەلامارەکەی یەکیتی‌و نە لە 5 سالی رابردوودا بە ئەرکی خۆی نەزانی بەرامبەر یەکیتی دەم بکاتەوەو تەنانەت وەکو زۆربەی هاوریانی دیکە پەیامیکی

پشتیوانی بۆ ئێمە لیبدات، کەچی ئەمرۆ لیدوانەکەی من بۆ پشتیوانی لە حوکمە بێپایەکەی خۆی لە بارەی راسترەوی ئیمەوە لە ئاسمان دەگریتەوەو سنگ بۆ کریکارو کۆمۆنیزمی کوردستان دادەریت و دژایەتی کردنی حککعیش دەکاتە مەیدانی سەرکی ئەم سنگدادرینە.

بەراستی عەقلیکی سەیری دەوێ بۆ ئەوەی وەکو حمید تەقوائی و گروپەکەی ئەو حوکمە لەم لیدوانەی ئیمە دەرکیشی گوایە ئیمە بووین بە "دووی خوردادی" و دەمانەوێ بەم جۆرە ریگای سات و سەودا بکەینەوە بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی. ئەو بەڵێنیداوە کە تەزمینی کات ئیمە بەرەو راست وەرچەرخاوین، بۆ ئەم مەبەستەش وا دەزانێ دەبێ لیکچوون لە نیوان ئیمەو هەموو ئەو رەوتە راسترەوانە دروست بکات کە پیشتر حوکمی راسترەویان سەلمیندراوە: حەجەریانی و دووی خوردادی و... دەبێ چاوەروانی داهینانی تازەشیان بین. ئەم قسە دەرپەراندنانە لەوە تورەهات ترە کە پیویست بەوە بکات جدی بگیریت . ئەوەی ئیمە بە دووی خورداد دەشوبهینێ، تەنها ئەوەیە کە سالیك لەمەوبەر حمید تەقوائی بۆ پاساودانی سیاسەتی تیکدەرانەی خۆیان دژی حیزبی ئیمە ووتی ئەمانە دەیانەوی لە ریگای سات و سەودا لەگەل بورژوازیەوە بە دەسەلاتی سیاسی بگەن، ئیستا لە زهنی ئەودا هەرچۆنیك بیت دەبی ئەم لیدوانە بکریتە بەلگەیەك بۆ ئەو حوکمەو ئەم دوانە لێك گرێ بدرین بۆ ئەوەی تیوریەکەی خۆیان بەراست دەربهینریت. بەراستی ئەمانە کەی بەخۆدادینەوەو دەتوانن عەقلیکی سەلیم بخەنەکار؟ هەرچی بدوین زۆرتر نەفامی سیاسی خۆیان و بیگانەیی خۆیان بە حکمت نیشاندەدەن، تەنانەت زەحمەتی ئەوە بە خۆیان نادەن چاویك بە نوسراوەکانی منصور حکمتدا بخشیننەوەو شتیکی لی فیربن تا بزانن باسی منصور حکمت لەسەر چەپ و راست و دووی خوردادی چیە، بۆ ئەوەی بە ناوی کۆمۆنیزمی کریکاری یەوە ئەم گالتەجاریە بە سیاسەت و بە کۆمۆنیزم نەکەن.

حمیدی تەقوائی و گروپەکەی رۆژیان گەیشتووە بەو رۆژەی لە جیاتی تەحلیل پەنا بۆ پروپاگەندەو چەواشەکاری بەرن. دانی حوکمی تاقیبکردنی کورسی و پەیامی پیرۆزبایی و سات و سەوداو دۆستایەتی لەگەل ناسیونالیزمی کوردو کۆتایهینان بە ئیفشاگەری و وەستانەوە دژی ناسیونالیزمی کورد، بەسەر ئەو لیدوانەدا، تەنها پروپاگەندەیەو ئەنجامی رق و کینەی چەپیکی سەرلیشیواو شکستخواردوەو هیچی تر.

ئیمە دەمانەوێ ئەو فەزایە کۆتایی بهینین کە لە 14ی تەموزی 2000وە یەکیتی لەگەل ئیمەدا گەیاندیە ئاستی چەکداری، دەمانەوێ هەمان قالب و چوارچیوە بدەین بە کیشمەکیشی نیوان خۆمان و یەکیتی کە 14 سالە لەگەل پارتیدا هەمانە. ئەمە بە کام پیوانە هەلکردنی ئالای سپی و راسترەوی و دووی خوردادی و دەستکیشانەوەیە لە خەبات دژی ناسیونالیزم؟ ئایا بەم پیوانەیەی ئەو ئیمە 14 سالە بەرامبەر پارتی " عاقل و ملکەچ و مسالەمەت ئامیزو نا فەرمانی مەدەنی و ئۆپۆزیسیونی دووی خوردادی" بووینە؟ ئەگەروایە بۆ لەم 14 سالەدا ئەم فتوایەی نەداوە؟! ئەی ئەگەر ئەم فەزایە لەگەل پارتیدا ئەو مانایەی نیە بۆچی لەگەل یەکیتیدا ئەم هەموو تیئوریە سەیرو سەمەرەو ساویلکانەیەی لی دەردەکیشریت. گرفتی حمید لەگەل ئەم سیاسەتە چیە؟ ئایا دەیەوێ ئیمە هەر ئیدامە بە فەزای شەر بدەین لەگەل یەکیتی و ئەم سەنگەرە بگرین؟ ئەگەر وایە دەبێ پیمان بلی بۆچی و چۆن ئەمە بە قازانجی کۆمۆنیزم و کریکارو کۆمەلگای کوردستان دەشکیتەوە؟. لە راستیدا ئەمە تەنها بەلگەی خەیالاوی و هەست نەکردن بە هیچ مسئولیەتیك و دوری لە سەنگەری واقعی کۆمۆنیزمی کریکاری کوردستانی عیراق و سەرئەنجام نەفامی سیاسی یە. بۆ کەسیك کە عەقلی سەلیمی لەدەست نەدابیت و شعوری سیاسی لە جیگای خۆیدا بیت دەزانێ کە ئەوە ئیمەین بەبێ ئەوەی حمیدی تەقوائی ئاگای لە خۆی بیت،14 سالە لە کوردستاندا لەگەل ناسیونالیزم تیوەچوینەو ئەو لەو موقعیەت و حال و ئەحوالەدا نیە ئەمرۆ وەکو تیئورسیونی کیشمەکیشی کۆمۆنیزمی کریکاری لەگەل ناسیونالیزم خۆی بنوینێ و چەپ و راستبونی سیاسەت و جهەتی ئیمە لە محەکی کۆمۆنیستی بدات. سەیر لەوەدایە کەسیك ئەم موعیزەیە بە ئیمە دەدات کە خۆی چاو دەبەستێ و دەم دەکاتەوەو لەگەل هەخاو فاشیسترین جەرەیاناتی ناسیونالیستیدا هاوجهەتی سیاسی پەیدا دەکات. باشترە برۆن فکریك لە حالی خۆتان بکەنەوە، ئیوە لەو موقعیەتەدا نین ئەم شیرو تیرە لە ئیمە بابدەن.

بە پیچەوانەی ئەم پروپاگەندانەوە، ئەو لیدوانە سیاسەتیکی کارسازو دروست و مارکسیستی بەیان دەکات، بۆ بردنی کۆمۆنیزم بۆ مەکەزی سیاسەت و کیشمەکیشی کۆمەلگا لەگەل ناسیونالیزمی کورد، دەیەوێ کۆمۆنیزم بەریتە مەیدانی واقعی بۆ لە کارخستنی دەوری ناسیونالیزم و راستی کۆمەلگا. ئیمە ئەو راستیە دەسەلمینین کە بەو هۆیەوە کۆمۆنیزمی کریکاری لە 10 سالی دوای راپەرینی ئازاردا نەیتوانی وەکو بەدیلی دەسەلات و رزگاری بەخشی کۆمەلگا دەرکەویت، نەیتوانی دەوری ناسیونالیزم لەکاربخات و شکستی بدات، پاشەکشەمان بەسەردا سەپینرا. ئیستاش بۆ ئەوەی دووبارە وەکو هیزیکی رزگاری بەخش و بەدیلی کۆمەلگا تیهەلچینەوە، دەبێ لە مەرکەزی سیاسەتی کۆمەلگا پێ بچەقینین، نەك لە پشتی کۆمپیوتەرو لە ژوری پالتاکەوە خەو بە سازماندان و رابەری کردنی ئینقلاب و سۆسیالیزمەوە ببینیت. بۆ رەوتیك کە پێی وایە ئینقلاب و سۆسیالیزم دەکریت تەنها لە خەیالی خۆیدا روو بدات، بۆ رەوتیك کە کۆمەلگا نابینیت و تەبدیلکردنی کۆمۆنیزم لە مەیدانی کۆمەلگا بە هیزیکی کارسازو ئالوگۆربەخش و قودرەتمەند بە مەسەلەی خۆی نازانێ، بۆ رەوت و سیستەمیکی فکری کە کۆمۆنیزم و حیزب بە دەزگای پروپاگەندە دەزانێ نەك ئامرازی سازماندانی جەماوەرو پراتیکی کۆمەلایەتی، هیچ شتیك لەوە سادەتر نیە کە خەیالی خۆی بە شیعاردانی ناو ژوری پالتاك راحەت بکات. بۆ رەوتیکی وا حیکمەت و رادیکالیەتی ئەم سیاسەتەی ئیمە قابیلی درك نیە.

ئایا حمیدی تەقوائی نازانێ کە ئەگەر ئیمە مەبەستمان بیت سات و سەودا بکەین و لەم ریگایەوە کورسی بەدەست بهینین، ئەم کارە ریگای راستەوخۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر بمانەوێ راستەوخۆ ئەم کیشە تایبەتەمان لەگەل یەکیتی بە ریگای سازش چارەسەر بکەین، ریگای خۆی هەیە. دەکرێ لەگەلیان دانیشین و مل بە قەیدو بەندی کۆنەپەرستانەیان بدەین و ئیمتیازی خۆشمان وەرگرین؟ بەلام دەرکردنی ئەم لیدوانە رۆشن و راشکاوانەیە بۆ رای گشتی پیش هەرشتیك نیشاندانی ئەو راستیەیە بە رای گشتی کە ئیمە ئامادەنین لە پشتی پەردەوە هیچ سات و سەودایەك بکەین، نیشاندانی ئەو راستیەیە بە خەلك کە ئیمە راشکاوانە ئامادەین کۆتایی بەو بارگرژیە دیاری کراوە بهینین کە لە 14ی تەموزی 2000دا کەوتەوە، بەلام ئامادەنین سات و سەودا بکەین و مل بۆ قەیدوبەندی کۆنەپەرستانە دانەوینین.

پرسیار ئەوەیە کە چۆن‌و بە کام پیوانە لە مەنتقی ئیوەدا ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق تا ئەبەد دریژە بەو فەزای شەرو بارگرژیە نەدات کە لە 14ی تەموزی 2000ەوە دەستی پی کردوە لەگەل یەکیتی نیشتمانی، مانای وایە بەرەو راست چووەو بوە بە دووی خوردادی؟! ئایا ریگای بەهیزکردنی کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا تا ئەبەد بەوەوە گریۆی خواردوە کە بە هەر نرخیك بووەو تەنانەت بە بێ گویدانە ئەوەی کە چۆن بەسەر فەزای سیاسی کۆمەلگاو خەبات‌و نارەزایەتی خەلکدا دەشکیتەوەو چەندە بە قازانجی خودی کۆمۆنیزم تەواو دەبیت، هەر دریژە بەو فەزا دیاریکراوە بدات لەگەل یەکیتی؟! چ شتیك لەوە رۆشنترە کە ئەمرۆ ئەو بارگرژی‌یە نە بەقازانجی کۆمونیزم‌و نە بە قازانجی نارەزایەتی جەماوەری نیە، بەلکو دریژەدانی تەنها بە قازانجی یەکیتیە هەر بۆیە نایەوێ کۆتایی بیت. هەموو کەس دەتوانێ ببینی کە چەندە حمیدی تەقوائی بەم لیدوانە گەشکەی گرتوە بۆ ئەوەی بیکاتە بەلگەی تئیوریە سەروخوارەکانی خۆی، ئەوەندەش یەکیتی بەم لیدوانە قەڵس بووە چونکە لانی کەم بەهانەیەکی گەورەی سەرکوتی لەدەست دەرهیناوە. بۆیە بە پیچەوانەی بۆچونی تەقوائیەوە یەکیتی هەموو میدیاکانی ناوچەی ژیردەسەلاتی خۆی ئاگادارکردوەتەوە کە بایکۆتی ئەم لێدوانە بکەن‌و هیچی لەبارەوە نەلین، تەنانەت هاوریانی ئیمە کە خەریکی بلاوکردنەوەی لیدوانەکە بوون لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران، کەوایە تەقوائی ئەم ناکۆکیە چۆن چارەسەر دەکات؟ بۆچی دەبی ئاسایشی یەکیتی لەسەر بلاوکردنەوەی "پەیامی پیرۆزبایی بۆ پرزیدنت تالەبانی" خەلك دەستگیربکەن؟! ئەمە جیدەهیلین بۆ ئەوەی تەقوائی بە سیستەمە مەریخەیەکەی خۆی لیکبداتەوەو چاوەران دەبین بزانین چ بەهرەو ئیبتکاریکی تازە دەنوینێ لەم بارەیەوە.

بەڵی ئیمە دەمانەوێ ئەو فەزایە تیکبدەین کە لە 14ی تەموزی 2000 ەوە تا ئیستا دەکاتە زیاتر لە 5 سال باڵی کیشاوەو لە جیگایەکداو لە هاوسەنگیەکی سیاسی دیاریکراودا، بە قازانجی یەکیتی بە بنبەست گەیشتووە. چونکە ئەم فەزایە بوار لەبەردەم دەخالەتی راستەوخۆی حیزبی ئیمە تەنگدەکاتەوەو وەکو بەهانەیەك لەلایەن یەکیتیەوە کەلکی لی وەردەگیریت بۆ سەرکوتی هەر نارەزایەتیەکی خەلك کە ئیمە دەخالەتی تیا بکەین. بەلگەکانیشی خۆپیشاندانی خەلکی کەلارو رانیەو سلیمانی‌و خویندکاران‌و دەیان نمونەی ترە کە خەلك دەیزانن‌و تەقوائی نایزانێ. هەرچەندە ئەوان ناچارن ئینکاری لەمانە بکەن بەلام خودی ناسیونالیزم دانیپیدا ناوەو وەکو تۆمەتیك بۆ نارەزایەتیەکان‌و بەهانەیەکی سەرکوتکردنیان بەرسمی رایگەیاندوە کە حککع لە پشتی ئەو نارەزایەتیانەوە راوەستاوە. حمیدی تەقوائی بۆ ئەوەی زەمینە بۆ دەرپەراندنی کینەکانی دەرونی خۆی خۆش بکات‌و باسەکەی بەوجۆرە برازینیتەوە کە ئارەزوی دەکات، فەزای بارگرژی کە لە لیدوانەکەی مندا هاتووە دەگۆرێ بە "شەرو جەنگ‌و راگرتنی تەقەی یەکلایەنە" بۆ ئەوەی دواتر بلی ئەم شتانە بوونی نیە. بەلام ئەم وشەو دەستەواژانە هەر خۆی دایهیناوە. ئیمە باسی بارگرژی‌و فەزایەکمان کردوە، ئەو فەزایەشمان پیناسەکردوە کە جیاوازی هەیە لەگەل ئەو کیشمەکیشە سیاسی‌و کۆمەلایەتیە بەردەوام‌و هەمەلایەنەیەی بە دریژایی بونی ئیمەو ناسیونالیزمی کورد لە نیوانماندا لە ئارادابوەو هەیە، ووتومانە بارگرژیەك کە لە پەلاماری چەکدارانەی 14ی تەموزی 2000ەوە کەوتووەتەوە. ئایا جگە لە حمیدو پیرەوانی هیچ عەقلیکی سەلیم هەیە کە نەزانێ لیرە باس لە مەسەلەو فەزایەکی تایبەتی‌و واقعی‌و دیاریکراوە کە هەموو کۆمەلگا پێی ئاشنایەو رۆژانە شایەتی بەرامبەرکێکانی ئەم فەزایەن؟!

باسی ئەوەی کە ئیمە دەمانەوێ بەم جۆرە کیشمەکیشی کۆمۆینزمی کریکاری‌و ناسیونالیزمی کورد کۆتایی پیبهینین کە 14 سالە تەنها ئیمە رابەرو ریکخەرو نوینەرو رەمزین، قسەیەکی لە پوچ پوچترە. خودی ئەوەی کە گشت کیشمەکیشی ئەم دوو بزووتنەوەیە لەو شەرەدا بەرتەسك بکریتەوە کە لە 14ی تەموزەوە دەستی پێکرد، هەتا بلێی درکیکی تەسکبینانەو سەتحی‌و ساویلکانەیە. ئەم دوو بزوتنەوەیە وەکو دوو بزووتنەوەو دوو بەدیلی کۆمەلایەتی لە ریشەوە جیاواز، 14ی تەموزی 2000 رویدابیت یان نا لەسەر چارەنوسی کۆمەلگاو لە سەر هەموو مەسەلەو کیشەکانی لە کیشمەکیشی بەردەوامدان. سیاسەتیك کە ئیمە بۆ کۆتایهینان بە بارگرژی گرتومانەتەبەر، ریك لەو روانگەیەوەیە کە دەبینین ئەو بارگرژیە بەری بە دەخالەت‌و مەیدانداری کۆمۆینزمی کریکاری گرتوە بۆ بردنەپیشی ئەم کیشمەکیشە هەمەلایەنەترە. هیزیکی کۆمۆنیستی کاتیك ئەم راستیە ببینێ‌و بیر لە هەلتەکاندنی کۆسپەکانی بەردەمی دەخالەتی نەکاتەوە وەکو گروپەکەی حمید تەقوائی هیچ جدیەتیکی نیە. ئەوان ئەگەر تا ئەبەد لەو قالبەی خۆیان قەتیس بمینن، مێش میوانیان نابیت. ئەوەی حمیدی تەقوائی تەپلی بۆ دەکوتێ رادیکالیزمیکی خالیە لە هەموو جۆرە پراتیکیکی کۆمۆنیستی، بودەلەترین‌و بیکارترین رەوت دەتوانێ تەپلی زۆرترین رادکالیزمی بۆش‌و بەتالی لەم بابەتە بکوتیت. بەبێ ئەوەی هیچ بەردیك لە جیگای خۆی بجولینێ. ئەگەر کریکاری کوردستان چاوەرێ بوایە ئەم رادیکالیزمەی تەقوائی ناسیونالیزمی کوردی بۆ بشکینێ، بەراستی بەختیکی رەش‌و ئایندەیەکی تەلخی دەبوو.

سیستەمی فکری ئەوان ناتوانێ درکی هونەرو حکمەتی ئەم هەنگاوەی ئیمە بکات بۆیە ساویلکانە "هەلکردنی ئالای سپی‌و راسترەوی‌و تەسلیم بوون‌و ئاشتبونەوەو دەستهەلگرتن لە خەبات دژی ناسیونالیزم‌و دووی خوردادی" لی دەرئەکیشن. حمیدی تەقوائی خۆ ئەوەندە حساب‌و کتاب‌و دوربینی ن‌یە، کە بزانێ بەیاننامەو هەلویست‌و پراتیکی ئیمە لە کوردستان، هەر دوو رۆژی دوای دەرچونی ئەو لیدوانە، هەموو لیکدانەوەو حوکمەکانی ئەو بە هەوادا دەبات. هەربەیان‌و هەلسورانەکانی ئەم ماوەیەی ئیمە لە دژی گەندەلی‌و راوروتی ئەم حیزبانەو لەسەر گالتەجاری هەلبژاردنیان بەسە بۆ نیشاندانی پوچی پروپاگەندەکانی تەقوائی. ئەوان ناتوانن درکی ئەوەبکەن کە ئیمە خەریکین لە ئاستی کۆمەلایەتیدا سیاسەتی سەرکوتگەرانەی یەکیتی دوچاری بنبەست دەکەین، خەریکین هیزی کۆمەلایەتی لە دژی ئەم سیاسەتە هەلدەخرینین، خەرکین کیشمەکیشەکە لە بەرامبەرکێ‌و تەشەنوجی نیوان دوو تشکیلاتەوە فریدەدەینە نیو کۆمەلگاوە، بەم جۆرە هەولدەدەین ئازادی سیاسی فەرز بکەین هەم بۆ خۆمان‌و هەم بۆ خەلك، ئەمە هونەری راگەیاندنی ئەو لیدوانەو جیاوازیەتی لەگەل سات‌و سەودای پشتی پەردەو دور لە چاوی خەلك. ئیمە بەم جۆرە دەمانەوێ مەودای گەورەو ریشەداری کیشمەکیشی کۆمۆنیزمی کریکاری لەگەل ناسیونالیزمی کورد لەسەر چارەنوس‌و ژیانی رۆژانەی کۆمەلگاو مافەکانی خەلك، بەرینە چوارچیوە کۆمەلایەتی‌و فراوانەکەی خۆیەوەو لەو چوارچیوە تەسکترە دەریبهینین کە بەدەر لە ئیرادەو ویستی ئیمە، رووداوی 14ی تەموزی 2000 بەسەریدا سەپاندویتی. دەمانەوێ ئەو راستیانە بۆ کۆمەلگا

بەرجەستە بکەین کە کیشەی ئیمەو ناسیونالیزم لەسەر چاەنوسی کوردستانو خواستو مافەکانی خەلكو کریکارانو ژنانو لاوانو ئازادیو سکولاریزمو خۆشگوزەرانیو بەرپاکردنی دتیایەکی باشترە، نەك وەکو یەکیتی دەیەویَ نیشانیبدات کە کیشمەکیشی دوو تەشکیلاتە لەسەر بەرژەوەندیو ناکۆکی نیوان ئەم دوو تەشکیلاتە. ئیوە هەرگیز لەم رادیکالیزمە واقعیو کۆمەلایەتیە حالی نین کە دەیەویَ ئالوگۆر لە ژیانی واقعی کۆمەلگاو خەلك دروست بکاتو پیَی کۆمۆنیزم لە مەیدانی واقعی کیشمەکیشی کۆمەلایەتی بەهیزو مەحکەم بکات، بەدیلی ئەمە لای ئیوە قسەو شیعاراتی هەلیتو پەلیتی خالَیە لە هەموو ناوەرۆكو مسئولیەتو تعهدیکی سیاسیو کۆمەلایەتی.

فیرقەکەی تەقوائی باس لەوە دەکەن کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە کوردستان نەماوەو دەوریکی لەو نارەزایەتیە جەماوەریانەدا نیە کە دەیکاتە بەهانەی کۆتایهینان بەم کیشمەکیشە لەگەل یەکیتی، بەلام سەیر لەوەدایە دوای ئەم قسانە بەچەند پەرەگراف نوسراوەکەیان بەم شیوەیە کۆتایی پیَدەهینن " حزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عیراق ئالاَ هەلَگری واقعی کۆمۆنیزمی کریکاری یە و لە سەنگەری ئیوەدایە لە نارەزایەتی و خەباتاندا ، لە ریسوا کردنی سازشکاراندا ، لە رابەری خەباتی هەموو رۆژەی جەماوەردا و گریدانەوەی ئەم خەباتە بۆ دامەزراندنی دنیایەکی باشتر، دنیاکی سۆشیالستی لە ریزی پیشەوەدا راوەستاوە و بانگەوازتان دەکات پیوەی پەیوەست بن و بیکەن بەئامرازی خەباتی خۆتان ." هەروەها تەقوائی دەلیت کە ئیتر "ئالای کۆمۆنیزمی کریکاری بە تەواوی بە دەستی حیزبەکەی ئەوەوەیە"!

ئایا بەراستی ئەم خەیالپلاویە جگە لە پیکەنین هیچی تر هەلدەگریت؟ بەراستی ئەوە چ پیوانەیەکی عاجباتیە کە لە کوردستاندا حککع بە "نەماو"و حیزبەکەی حمید بە رابەری خەباتی هەر رۆژەی جەماورەو ئامرازی گریدانەوەی ئەم خەباتە رۆژانەیە بە دنیایکی باشترو سۆسیالیزمەوە، هەلسەنگینیَ؟ ئایا پیتان وانیە کە ئەمە زۆر زۆرە؟! ئیستا ئەگەر تەنیا باسیان لە نەمانی ئیمە بکردایە بەهەرحال، بەلام ئەو پیوانە سەیروسەمەرە چیە کە بەوپیَیە ئەوان ماونو ئیمە نەماوین؟! ئاخر بونی ئیوە لە چیدا دەرئەکەویتو لە کویَ هەن؟ "نەمان"ەکەی ئیمە لە کەیەوەیە؟ تا سالیك لەمەوبەرو رۆژیك پیش ئەوەی بە تەرازوەکەی ئیوە ببینە "راستو کافر" قسەی وامان لە ئیوە نەبیستبوو، لە پارەکەیشەوە ئیمە لانی کەم لە کوردستان شتیکمان لە دەستنەداوە تا بەو هۆیەوە "نەمابین". کەواتە ئەم حوکمی نەمانەی ئیمەتان لە کویوە هیناوە؟! ئەمەیە پیوانەو محەکی چەپی تقلیدی بۆ هەموو شت، ئەگەر تەئیدی بۆچونەکەی ئەو بکەیت ئیتر هەم چەپی هەم رادیکالی هەم بەهیزی هەم سەرکەوتویتو هەم شەخصیەتی هەم لە هەموو مەیدانیکدا هەی هەم رابەری خەباتی رۆژانەی جەماوەری...هەم.....هەم....هەم...ئەگەریش تەئیدی بۆچونەکەی نەکەی ئیتر راسترەو شکستخواردوو سازشکارو خیانەتکارو دووی خوردادیو حەجەریانیو "نەماو"یو...هتد. ئەمە نمونەیەکە سەبارەت بەوەی کە چەپی تقلیدی دنیا لە پەنجەرەی گروپە مەزهەبیەکەی خۆیەوە دەبینیَو وەکو دەرویشیك "کافر"ئەو کەسەیە کە تەئیدی ئایەتو دەقە مەزهەبیەکانی ئەوان نەکات. جەنابی تەقوائی بریك هۆش بهینەوە بەر خۆت، ئەم قسە پەرتو پەلایانە چیە، حیزبی تۆ چیەو لە کویَیە تا ئالای کۆمۆنیزمی کریکاری لە عیراقدا بەدەستەوە بگریت. دلَنیابە حککع هەزارجاری دیکە پاشەکشەی پی بکریتو بیتو بروات هەر نۆرەی ئیوە نایات.

بەلام جیاواز لەم خەیالپلاویە، بەری خۆر بە بیژنگ ناگیریَ، گومان لەوە نیە کە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئەم دواییانەی کوردستان دەستسازی کەس نەبوو، بەلکو لەسەر بناغەی نەفەرەتو بیزاری خەلك لە گەندەلیو نەبونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیانو ناکۆکی قولی دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەگەل خواستو ئارەزوەکانی خەلك، شکلیان گرت. بەلام ئینکاری کردن لە دەخالەتی کارسازی حیزبی ئیمە لەو نارەزایەتیانە جگە لە کوتانی ئاسنی سارد هیچی تر نیە. رابەرانو نوینەرانی خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی رانیەو کەلارو سلیمانی لای خەلك بە ناونیشان دەناسرین، ئەوانەی چاویان بەرایی نادات بیانبینن با سەری خۆیان بدەن لەبەرد.

لە راستیدا ئەم جۆرە خۆ لەسەنگەرنانەی تەقوائی بەرامبەر ئیمەو بەریخستنی ئەم پروپاگەندانە لە دژی ئیمە بە ئەندازەی تالە مویەك بایەخی نیە بەلام هیچ شانازیەکیان بۆ ناهیلیتەوە، ئەوان بە خەیالی خۆیان وا دەزانن ئیمە ریسوا دەکەن بەلام لە واقعدا ئەم کارە بەرامبەر خۆیان دەکەن. جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، کریکاران، لاوانو ژنان، هەموو رۆژیك بە کردەوە دەبینین، کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەدەر لەوەی لە هەلومەرجو هاوسەنگیەکی دیاریکراودا پاشەکشەو بەرتەسکیەکی بۆ پیکهاتووە، بەلام تاقە نوینەرو تاقە هیزی کۆمۆنیستو چەپە کە لیبراوانەو پەیگیرانەو بەکردەوەو لە مەیدانی واقعدا بۆ سازدانو رابەری کردنی خەباتی ئەوان دژی دەسەلاتی گەندەلی ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی تیدەکۆشیَت. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری وەکو هیزیکی مارکسیستی ماکزیمالیستو لیبراو لە مەیدانی کیشمەکیشە سیاسیو کۆمەلایەتیەکانی کوردستان تاقە ئومیدی ئەم کۆمەلگایەیە بۆ ئازادیو یەکسانیو ئایندەیەکی باشتر. بەلام ئەوەی لە کولوکەی تەریشدا ناوی نەبیت تەقوائیو گروپەکەیەتی.

حمیدی تەقوائی سەرتاپا محاسەباتیکی غەلەتی هەبوو، پیَی وابوو هیزی حکمتیزم لە عیراق بە هەراوهوریای ساویلکانەی "راست راست"ی ئەو چەواشە دەبیتو دوای بۆچونە مەریخیەکانی ئەو دەکەویت، بەلام تەنها توانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران تیکبداتو ئیتر خۆیشی شکستی خوارد، بە تایبەتی ئەوان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری عیراقدا بە دەستی بەتال چونەدەرەوەو هیزی تیپیکی فتبۆلیان دەستگیرنەبوو. هەرکەسیك چاویك لە کارکردو حساباتی حمیدی تەقوائی لە عیراقدا بکات، بەسە بۆ ئەوەی بیگانەیی تەواوی ئەم رەوتە بە منصوری حکمت درك بکات، تەنها بەراوردیك لە نیوان شیوازی حیزب دروستکردنی منصور حکمتو شیوازی کاریکاتیری حیزب داتاشینی حمیدی تەقوائی لە عیراقدا، بەسە بۆ ئەوەی ئەم راستیە رۆشنبیتەوە. کەچی سەیر لەوەیە هیشتا تەقوائی درك بە پوچی پرۆژەکەی خۆی ناکاتو دەلیت " ئەم لیدوانەی ریبوارو حککع بەلگەیەکی دیکەی حەقانیەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عیراقە"! بەلام دۆستی ئازیز پیمان نالیَیت لە کویَ خەوتویو چیت لی قەوماوە؟! کام حیزبو کام حەقانیەت؟! حیزب دروستکردن پرۆسەو پرۆژەیەکی سیاسیو کۆمەلایەتیەو لەسەر بنەمایەکی واقعیو بوونی جیگاو ریگاو پراتیکیکی کۆمەلایەتی واقعی دروست دەکریت، تۆ کە رەنگە ئاگادار نەبیت بەلام

ئەوانەی کە ئاگادارو بە تایبەت بەشداری پرۆسەی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بوون لەلایەن منصور حکمەتەوە دەزانن ئەو چەندە حساباتیکی وردو هەمەلایەنەی بۆ ئەم پرۆژەیە کرد تا بریاری لەسەر دروستکردنیدا. ئەوە نەبوو بە حیزب دروست کردن کە تۆ دەیکەیت، حیزب لەسەر بنەمای تورەبوونو هەلچونو هستریا دروست ناکریت. حەقانیەتی چی؟ تۆ شکستت خوارد، پرۆژەکەی تۆ تەنها دژایەتیەکی بی پاساوو پوچی ئەو حیزبە خەباتکارەبوو کە لە ناو سیناریۆی رەشی عیراقدا تاقە چرای ئومیدی مەحرومانی ئەم کۆمەلگایەیە. بریك جەسارەتت بە خۆت بدەو دان بەم شکستەدا بنێ. کوا حیزبەکەت لەکوێیەو چ بۆشایەکی پرکردوەتەوەو چ جیگایەکی هەیەو خەریکی چیەو نوینەری چ پراتیکیکە لە ئاستی کۆمەلگاداو لە خەیالی کیدا وجودی هەیە؟!

لە کۆتاییدا پیویستە ئەوە بلیم کە خەلکی ئازادیخوازی کوردستان هەر لەم چەند رۆژەدا کە ئەو لیدوانە بلاوکراوەتەوە، لە ئاستیکی فراواندا ئەو راستیە حاشا هەلنەگرە دەبینن کە مەسەلەی سەرەکی لەم سیاسەتەدا ئەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری وەکو هیزیکی خەمخۆرو لیبراوو راوەستاو مسئول لە بەرامبەر کۆمەلگادا، لە هەولدایە بۆ بوارکردنەوە لە پیناو دەخالەتی کارساز لە خەباتو نارەزایەتی ئەوانو لە کارخستنی دەوری ناسیونالیزمو حیزبە عەشیرەتیو میلیشاکانیو خۆهەلخستنی سەرلەنوێی ئیسلامی سیاسی. لە هەمان کاتدا هەموو کەسیك دەتوانێ ببینێ کە ئەوە تەقوائیو گروپەکەیەتی کە بە دژایەتی کردنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری وەکو تاقە چرای ئومیدی ئەم کۆمەلگایە، بە تانەو تەشەرو پروپاگەندەی تیکدەرانەیان دژی ئەم تاقە پشتو پەنایەی خەلکی ئازادیخوازو کریکارانو ژنانو لاوان، خەریکن ئاو دەکەن بە ئاشی ناسیونالیزمی کوردو سیناریۆی رەشدا. حیزبی ئیمە بەرادیکالترین پلاتفۆرمو نەخشەو سیاسەتەوە لەگەل سەرجەم هیزەکانی سیناریۆی رەشو قوتبی راستی کۆمەلگا لە سەر مافەکانی خەلك لە کیشمەکیشیکی واقعیدایە، دەوری ئەم حیزبە لەم بوارەو لە بواری سازدانو رابەری کردنی بزووتنەوەی کریکاریو بیکاریو ژنانو خویندکارانو بەرگری لە مافەکانی مندالانو ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکانو خەبات بۆ دەرکیشانی کۆمەلگا لە زەلکاوی سیناریۆی رەش، جیگای ئومیدو دلخۆشیو پشتیوانی بەرەی ئازادیخوازو متمدنی دنیایە. تەقوائی بە دژایەتی کردنی بێپاساوی، ئەم حیزبە بە کردەوە خۆی لە قالبی ئەم بەرە ئازادیخوازو متمدنەش دەباتە دەرەوە. دژایەتیو سەنگەرگرتن لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق، بە تایبەت لە هەلومەرجی ئیستای ئەم کۆمەلگایەدا، حەقیرانەترینو ریسواترین مەوقعیکە کە هەر کەسو لایەنیك بەتایبەتی بە ناوی چەپو کۆمۆنیزمی کریکارییەوە بۆ خۆیان هەلیبژیرن. ئەمە بە کردەوە سیاسەتیکی راسترەوانەی واقعیو دژی کۆمۆنیستیەو لە مەیدانی واقعی کۆمەلگاشدا جگە لەمە هیچ مانایەکی تر پەیدا ناکات. ئەمە پیویستی بە تحلیل نیە، واقعیکە لەبەرچاودایە کە تاقە حیزبیکی کۆمۆنیستی لە مەیداندایەو لە هەموو مەیدانیکدا لەگەل بەرەی راستی کۆمەلگاو هیزەکانی سیناریۆی رەش تێهەلچووە، کەچی حیزبەکەی حمید بە شیوەیەکی هیستریکی دژایەتی دەکات. لە راستیشدا ئەمە تاقە کاریکە کە ئەوان لە عیراق بۆ خۆیان دایانناوە. چالاکی ئەوان جگە لە پەلەقاژە بۆ پەشیمان کردنەوەی دووکەس لەوانەی ئومیدیان بە حککعەوە گریداوە، جا بەهەرنرخیك بیت، تا بیکەن بە مادەی پروپاگەندەی بەیاننامەیەکیان هیچی تر نیە. ئەگەر ئینکاری لەمە دەکەن با جگە لەمە یەك کاری خۆیان لە ئاستی کۆمەلایەتیو لە دژی ناسیونالیزمو سیناریۆی رەشو بەرەی راستی کۆمەلگا نیشانی چاودیرانی ئەم مجادەلەیە بدەن. ئەفسوس بۆ موقعیەتیك کە پەیداتان کردوە.

ئاغای تەقوائی بەم پیشە جوانەی کە بۆ خۆتو فیرقەکەتت هەلبژاردوە، خەریکن گەورەترین خۆشخزمەتی پیشکەش بە بەرەی راستی کۆمەلگای عیراق دەکەن. ئیوە بەم پیشە جوانەتان خزمەتی بێ بەرامبەر بە پرزیدنت تالەبانیو حەکیمو عەلاویو چەلەبیو جەعفەریو بارزانی دەکەن، ئەوان بە پروپاگەندە نامەکەی تۆ دژی منو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری خۆشحالو بە لیدوانەکەی منیش قەلسو تورە دەبن. ئەمەش دەقیقترین سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی هەرکاممان لە کوێ راوەستاوین. بەلام ئەگەر نیەتەکەتان چەپەو عەقلەکەتان هەر ئەوەندە دیبریت، ئەوە بۆ خۆتان باشترو بە قازانجتر وایە بریك بە خۆدا بینەوەو بەم سیاسەتە دژی کۆمۆنیستیەتاندا بچنەوە، دەست لە دژایەتی کردنی بزووتنەوەو بەرەی کۆمۆنستیو کریکاریو ئازادیخوازی عیراق هەلگرن، دەست لەم شیوازە هەرزانە لە سیاسەت کردن هەلگرن، خۆتان لەم دەورو موقعیەتە سوکە دەرباز بکەن.

**7ی دیسەمبەری 2005**